

وێنە   لە فەیسبووکی حامید کۆنەپۆشی



وێنەی فیلمەکە لە سایتی (PUKmedia)

## لە جێی (بازان) (کۆرکۆرە) وازان!

لە سایتی ئەنترنێتی (PUKmedia) دا نووسراوەیەکم خوێندەوە بەناوی:
(کچانی خۆر لە فیستیڤالی نێودەولەتی کان)
خۆشبەختانە نووسراوەکە دوور و درێژ نییە، ناوەرۆکی نووسراوەکە بەو جۆرەیە:

{فیلمی کچانی خۆر (Girls of the Sun) کاری (Eva Husson "ئێوا هوسۆن") فەرانسییە.
ئەو چەن کەسەیش لەو فیلمەدا دەوریان گێراوە.
ئەکتەری ناوداری ئێرانی "گوڵشیفتە فەراهانی" Golshifteh Farahani و
ئەکتەری ناوداری فەڕەنسی( "ئێمانوئێل بەرەکۆت" Emmanuelle Bercot).

دیدوبۆچوونی ئەو چوار(4) کەسانەیش سەبارەت بە فیلمەکە

1 - "پیتێر برادشاو" ڕەخنەگری گۆڤاری "گاردییەن" سەبارەت بە فیلمی سینەمایی "کچانی خۆر" نووسیویەتی: "ئێوا هوسۆن" دەرهێنەری فەڕەنسی "کچانی خۆر" لە سازکردنی نوێترین فیلمی خۆیدا کە دڕامێکی پاڕتیزانییە بینەر دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بە بڕوای من، "کچانی خۆر" فیلمێکی شەڕی فێمێنیزمییە.

2 - "لی ماڕشاڵ" ڕخنەگری ماڵپەڕیی سینەمایی "ئیسکرین دەیلی" نووسیویەتی: پەیامی فێمێنیستی ئەم فیلمە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەی کە بە چ شێوەیەك شەڕ ئەو توانابیەی هەیە کە نایەکسانی ڕەگەزیی و کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەوە بگێڕێتەوە.

3 - "جی وایسبێرگ" ڕخنەگری گۆڤاری "ڤرایتی" نووسیویەتی: "کچانی خۆر" چیرۆکی ڕووداوێکی واقیعی دەگێڕێتەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم فیلمە سەبارەت بەو ژنە کوردانەیە کە ئازایانە لەگەڵ داعش شەڕ دەکەن و دەرهێنەرێکی ژنیش سازیکردووە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێشوازیی لێدەکرێت.

4 - "لی ماڕشاڵ" ڕخنەگری ماڵپەڕیی سینەمایی "ئیسکرین دەیلی" نووسیویەتی: پەیامی فێمێنیستی ئەم فیلمە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەی کە بە چ شێوەیەك شەڕ ئەو توانابیەی هەیە کە نایەکسانی ڕەگەزیی و کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەوە بگێڕێتەوە. "گوڵشیفتە فەراهانی" و "ئێمانوئێل بەرەکۆت" لەم فیلمەدا توانایی و داهێنانی خۆیان بۆ دەورگێڕانی ڕۆڵکانیان نیشانداوە و بە باشی لەم فیلمەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە.}.

**

فیلمی (کچانی خۆر)

ناوەرک و کەرەسەی فیلمی (کچانی خۆر) ناوەرۆک و کەرەسەی فیلمێکی دەسکرد و خەیاڵی نەبووە کە دەرهێنەرکەی بە مەبەستی (پۆڵوپارە) بە ئارەزووی خۆی سازی کات و {کەسایەتی جۆراجۆر و سەرنج راکێش، هەروەها پاڵەوانی بەهێز و کەسانی بێهز و نەخۆشی} بۆ دیاری کات تا سەرنجی بینر بۆ فیلمەکە راکێشت.

ناوەرک و کەرەسەی فیلمی (کچانی خۆر) ژیانی راستەقینەی کچان و ژنانی کۆبانییە کە لە بەرانبەر دەسەڵاتێکی چەپەڵ و کۆنەپەرەستی ئایینی بەناوی:{دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) کە بە چاوی سووک و بێبەهاوە لە ژنی ئەڕوانی} بۆ بەرگریکردن لە کەسایەتی خۆیان دەسیان دایە چەک و کەوتنە جەنگ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە خوێنڕێژەدا، لەو جەنگەدا هەم ئەکوژران و هەم لە (موجاهیدەکانی داعشیان) ئەکوشت.

**

گوڵشیفتەی فەراهانی ئەکتەری ناوداری ئێرانی و فیلمی (کچانی خۆر)

یاریکردنی ئەو کەسە وەک ئەکتەر لە فیلمی (کچانی خۆر)دا بۆ ئەوە نابێ و نەدەبوو دەوری ببێت!

بۆچ؟

وەڵام و بەرسیڤ:

وەک ئەزانین لە ئێراندا دەوڵەتێکی ئیسلامی دەسەڵاتدارە، کارنامەی ئەو دەوڵەتە لە باری کۆمەڵایەتییەوە بەپێی دەستووری ئایینی ئیسلامە، هەمان ئایین کە {دەوڵەتی ئیسلامی عراق و شام(داعش)} لە کۆبانی پیادەی کردە. ئەگەر پڕۆینە ناو سیستمی دادوەری ئێرانەوە هەر کەس رەخنەیەکی لەو دەوڵەتە بیووبێ ئەو کەسە بە (کافر) پێناسە کراوە و بە تاوانی (محارب با خدا و مفسد فی الرض) کوژراوە. هەرکەس ئەتوانێ لەو بارەوە دەیان بەڵگە و دێکۆمێنت دەسنیشان بکات!

**

(ژن) لە روانگەی (دەوڵەتی ئیسلامی ئێران)دا

ژن بەپێی ئایینی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی ئیران مرۆڤێکی راستەقینە و سەربەخۆ نییە، ژن نیوە مرۆڤی پیاوە. دەوڵەتی ئیسلامی ئیران (ژنی بەردباران) کردە، لە بوارە کۆمەڵایەتیەیکاندا دەیان کۆسپ و تەگەرەی بۆ ژن پێکهێناوە! بەسەر ئەو کارنامە چەپەڵەدا جەنابی (گوڵشیفتەی فەراهانی) لە {رادیۆی فارسی (پژواک) رادیۆی رەسمی و فەرمی دەوڵەتی سویددا ستایشی (خاتەمی سەرۆککۆماری دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانی)} ئەکرد.

یاریکردنی ئەو کەسە لەو فیلمەدا نەک شایستە و بەجێ نەبووە و نییە، بەڵکو دژایەتی هەیە لەگەڵ ژیاننامە و کارنامەی کچانی کۆبانی (کچانی خۆر) کە لە پێناو ئازادی و سەربەستی لە بەرانبەر دەسەڵاتی چەپەڵ و کۆنپەرەستی (داعش)دا بەرگرییان لە (خۆیان) و لە (کۆمەڵگای مرۆڤایەتی) کردە!

**

تێبینی و پرسیار

بۆ ئامادە کردنی ئەو نووسراوە بەڕێز (مەنسوور جیهانی) کە ئەو نووسراوەی ئامادە کردە لە بەرنامەی ناساندنی فیلمەکەدا بەشدار بووە کە ئاماژەی بە دیدوبۆچونی ئەو (4) کەسە کردە یا لە سەرچاوەیەک وەریگرتە و کردییە بە کوردی؟

بە هیوای وەڵام.

2019/3/26

سەعی سەقزی

sai.saqzi@gmail.com

**

https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=137576